# شیعری شەپۆلی چوارەم، سەرهەڵدانو خوێنەرو ئاستەنگی

**دەمێکە خوێنەری کورد بەر جۆرێك شیعر دەکەوێت کە جودایە لەو شیعرانەی چاوی پێی راهاتووە،یەکەم تایبەتمەندی ئەم شیعرانە تێکشکانی ئەو فۆرمە باوەی شیعر بوو، دواتر زمانو دونیا بینی ئەم شیعرانە، خوێنەریان لەئاستێکدا سەراسیمەو لەئاستێکی تردا جاڕز کرد. لەمساڵانەی دوایداو لەسەر دەستی رەزای عەلی پور لەکوردستانی رۆژهەڵات ئەم جۆرە شیعرە لەشەپۆل و تەوژمێکدا خوی بینییەوە کەناودەنرێت شەپۆلی چوارەم . ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوژمە سیّ شاعیرو نوسەری رۆژهەڵاتمان دواند ئەوانیش:**

**(محمود شێرزاد، کەمالی ئەمینی، جەواد حەیدەری)**

**گفتوگۆی**: **توانا**

## محمود شێرزاد



**★ کاك محمود شێرزاد ئێوە لە ئەنجومەنی ئەدەبی مهاباد بون، کەی یەکەم جار بەر ئەم شەپۆلە شیعرییە نوییە کەوتن؟ پێتان وایە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم نوێگەرییە شیعرییە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**محمود شێرزاد:** سەرەتا وەك زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی ئەودیو لە رێگەی شیعرەوە هاتمە ناو بواری نووسین. سەرەتا منالّ بوومو کلاسیکم دەنوسی، کەچی دوایی هەر زۆر زوو لە رێگەی خوێندنەوە بۆم دەرکەوت کە یەکەم لە "شێخ نوری شێخ سالّح" و "گۆران"و پاشانیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە "سوارە ئیلخانیزادە"و " قاسم موئەییەدزادە" وە ژانری شیعری کوردی ماڵاوایی لەو ستایلە کردووە، بۆیە منیش بۆ هەمیشە ماڵاواییەکی فرە رەهەندم لە کلاسیك بوون کرد. لێرەوە بە قەولی ئێوە کەوتمە بەر ئەو شەپۆلە شیعرییە. بەڵام لەبیرمان نەچیّ ئەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەکوترا نوێگەری مودێڕنە نەبوو بەڵکوو پۆست مودێڕنە بوو، ئەوەش گۆڕانێکی سەیر بوو چوونکە بە هەندیّ موتاڵاو بیرکردنەوە ئەو پرسیارەت لەلاگەڵاڵە دەبوو کە چۆن دەکریّ تۆ مۆدێڕنەت تا رادەیەك وەك ئەوەی کە هەیە ئەزموون نەکردبیّ ئیدیعا بکەی پۆست مودێڕنەی؟!! کەوابوو ئەو نوێگەرییەی وەك زۆربەی هەرە زۆری هاورێیان تێیکەوتبووم نوێگەرێیەکی عەقلانی نەبوو بەڵکوو پۆست مودێڕنەیەکی سەقەت بوو. ئەوەی راستی بیّ ئەو بابەتە لە ئەنجوومەنی ئەدەبی مەهاباد کڕیاری نەبوو ئەو کات تەنیا منو کاك ناسر باباخانی لەو بوارەدا ئیشمان دەکرد، بەڵام نازانم بۆ تا ئێستاش هیچ یەك لەو بابەتانەم بڵاو نەکردەوە کە بەو ستایلە نوسیمن. لێرەوە ئاخێزگەی سەرەکی ئەوهەوڵە لە ئەنجوومەنی ئەدەبی بۆکانەوە بۆ سەقزو سنەو بانەو تا رادەیەکیش مەریوانی دەگرتەوە. یانی ئەو مێتۆدەی لە مەهاباد ئیشی پێدەکراو ئەو کات ئێمە پێمان دەکوت "سوننەت"ی دوایی دەرکەوت هەرچەند هەلگری کۆمەڵێك رەگەزی سوونەتیی بوو بەڵام لە واقیعی کۆمەڵایەتی نزیکتر، گەشەکردنێکی نەرمی سروشتیو ئەندازیاری هەنگاو بەهەنگاوی ئەدەبیو فەرهەنگی بەڵام هەندیّ خاو بوو، کەچی ئەوەیتر بە ئێستاشەوە زۆر دوورە لە واقیعی کۆمەڵایەتیو بیّ ژێرخانو قەڵمبازێکی ناعەقلانی ئەدەبیو فەرهەنگییە. لێرەوە هەر زۆر زوو ئەو ستایلەم وەکوو مێتۆدێکی سەرەکی بیرکردنەوەو ئیشکردنی بنەرەتی نەك خوێندنەوە جێهێشت، بەو مانایە هەر لە سەرەتاوە بە هۆی خوێندنەوەی دوو قوتابخانەی وەك فۆرمالیزمی رووسیو رەخنەی نوێی ئەدەبی سنت ئەنگلوی ئەمریکا، پاشان هێرمنۆتیکی مودێڕنو بیرمەندانی وەك مایکۆفسکی، یاکوبسن، شلایەر ماخێر، رامان سێڵدنو... هتدەوە سەرەتایەکی باشم لە چواچێوەی تاکەکەسی خۆمدا لە نوێگەری بنیات نا یانی تا رادەیەك بۆم

دەرکەوت ئەوەی ئەوان باسی دەکەن ئێمە بە سەقەتی ئیشی پێدەکەین، لێرەوە دەبوو بزانین نوێخوازی لە لایەك تایبەتمەندێکی یونیوێرسالی ئەو سەردەمەیە، رابردووی پێ راڤەو ئێستای پێ دەناسرێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە شێوە سروشتییەکەی پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوی گشتگیرەو ئەگەر تاك رەهەند ئیشی پێبکرێو یالە سیاقی سروشتی خۆی بکرێتە دەرەوە کارەسات بەرهەم دێنێ، واتە عەقلییەت ـ بەرهەم ـ مرۆڤی فەرهەنگیو ئەدەبی سەقەت دروست دەکا.

بەلام بە نیسبەت بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان، ئەوەی راستیبێ ئەو هەوڵە لەهیچ ئاخێزگە، بوارو خواستێکی کۆمەلایەتیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەلکوو بەروالەت شەپۆلێکی نوخبەویی بوو کەلە رێگەی موتالایەکی سەرپێستی وەرگێڕانەوە تەشەنەی کردە ناو وردەحەزی داهێنەرانەی هەندێ کەس. هاتا ئێستاش ئەو هەوڵەو بەرهەمەکانی ئەو بوارە نەیانتوانیوە ستراکتۆرە چەند کەسییەکان ببەزێننو ببن بە خەمی ستراکتۆرو خەڵکانێکی بەربلاوتر. بۆیە حەزناکەم لێتی بشارمەوە، چەندە لەو گشتە کلاسیك بوون ــ دواکەتوویی‌و داخراوییە بێزارم سەد هەندە لەو جۆرە هەولانە بێزارم کە بەرهەمی موتالاو تێگەیشتن لەواقیعی خۆمالیو جیهانی نین. یانی هەر هەولێك لە تێگەیشتنو مەعریفەتی خومانو ئەوانی دیکەوە سەرچاوە نەگرێ ناعەقلانیەو ئاو لە ئاوەنگدا کوتانەو ناتوانێ ئاخێزگەیەکی گونجاو بۆ خۆی دروست بکا.

**⋆ لاتان وانییە ئەم شیعرانە خوێنەری کلاسیك لەسادە فکرییەوە دەخەنە ناو کێشمە کێشو تێڕمان و لەسەر وەستان، لەکاتێکا شیعر بەشێوە باوەکەی ئەمەی پێنەکراوە؟ ئەمە خەمی شیعرە یان وەزیفەی فکر؟**

**محمود شێرزاد :** دەست خۆش، ئەو پرسیارەم زۆر بە دڵە چونکە سەرووبنی قسەی هەندێ کەسی ناو ئەو بوارە ئەوەیە کە ئەدەبی کلاسیك ناتوانێ خوێنەر توشی رامان بکا بەڵکوو ئێمە گەرەکمانە لەو رێگەیەوە خوێنەری جیدی دروست بکەین. دیارە ئێمە دەبێ لە نێوان دوو رەوتدا جیاکاری بکەین. یەکەم ئەوەی بەشێك لە جموجۆڵە فەرهەنگیو ئەدەبییەکانی ئەو چەندساڵەی دوایی تارادەیەك رەوتی سروشتی خۆی دەپێوێو من هیچ قسەیەکم لەسەری نیەو دواجار هەر ئەوانیش رەنگە بتوانن خوێنەر تۆزقاڵێ بجووڵێنن. دووهەم: مەبەستی من ئەو باڵەیە کە بەکردەوە سەلماندوویەتی تا ئێستا چەندە دوورە لە لۆژیكو یاساکانی نوێخوازییەکی عەقلانی، چەندە دوورە لە خوێندنەوەو رامان، تا سەر ئێسقانیش نزیکە لە شێواندنی چەمکەکانو سەقەتکردنی ئەو وردە جموجۆڵانەش کە بواری لەدایك بوونیان بۆ دەرەخسێ.

لێرەوە وەك خۆم هیچ کێشەیەکم لەگەڵ بەشێك لەو تێگەیشتنەدا نیە. چوونکە ئەدەبی کلاسیك ئەدەبی قۆناغی خۆیەتیو تا رادەیەکیش رەساڵەتو ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بە جێگەیاندووە. بەڵام دەبێ بزانین ئەو ئەدەبە لە لایەك ژێرخانی روناکبیریمانە، لە لایەکی دیکەشەوە بەشێك لە ئەدەبی کلاسیکی ئێمە وەك پەیام بۆ داهاتووە نادیارەکانیش تا رادەیەك هەڵگری پەیامی خۆی دەبێ وەك هەموو ئەدەبی کلاسیکی دنیا، بەڵام بەشێکیتر لە پەیامەکەیو هەروەها مێتۆدو تکنیکەکانی ناتوانن وڵامدەری ئەو سەردەمە بن. چوونکە بۆ هەر سەردەمەی ماناو تکنیکی خۆیمان گەرەگە بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە تا رادەیەك وەك خۆی ببینینو مامەڵە بکەین. بەڵام ئەوەی ئەوان هی ئەو سەردەمەی ئێمە نیە کە لە دۆخی تێپەڕین داین، بەڵکوو هی سەردەمێکە کە مودێرنەمان ئەزموون کردبێو وڵامێکی دیکەی نەبێ بۆمانو..هتد ئینجا بیر لە پۆست مودێڕنە کەینەوە. ئەو هەوڵە وەك ئەوە وایە بینا درووست بکەیت بەڵام لە میچەکەوە دەست پێبکەی!! ئێمە ئێستا تا سەر ئێسقان پێویستمان بە نوخبەو مرۆڤی "مودێڕن"ە نەك نوخبەی پۆست مودێڕن. لەبەر ئەوەی بتوانین رێبەرایەتێکی عەقلانی مەعریفی دۆخی تێپەرینمان بۆ بکەن نەك ئەوەی لە رێگەی نیشاندانی مۆدێلێکی ناشیرینو بی بنەماوە خەڵکمان لە نوێبوونەوە بۆبێزار بکاو بترسێنێ. کەواتە پێویستمان بە فکرو تکنیکی مودێڕنە نە فکرو تکنیکی پۆست مودێڕن. دوای ئەوەش ئەوەی کە ئەوان تا ئێستا بەرهەمیان هێناوە لە دەرەوەی مەجامەلەو "هەڵمگرەو هەڵدەگرم"ی خویان خوێنەری جیدی دروست نەکردووە، بەڵکوو بە پێچەوانە هەولێکە تا ئێستا خەریکی بێزارکردنی خوێنەرە. ئەوەی ئێستا دەتوانێ خوێنەری جیدیمان بۆ بەرهەم بێنێ رۆشنگەریو قووڵبوونەوەیەکی مەعریفی دروون بونیادی مودێڕنە، گەرانە بە شوێن حەقیقەتو خوێندنەوەی مانادای رەهەندە جیاجیاکانی ستراکتۆری کوردیو هەڵوەستەی فەلسەفییە، نەك ئەو فۆرمگەرا بێ ماناو بێ نێوەرۆکەی دەیەوێ لە سەر ئاستی رووکەشییەکی پارچەپارچەدا تووشی گەمەیەکی بێ مانامان بکا. خۆم لەو کاتەوە تا ئێستا نوسینو ئەو وتووێژانەش کە لەگەڵ

یەکتریدەکەنو بە ترشو خوێوە بڵاوی دەکەنەوە، دەیخوێنمەوە. قسەکانیان ئەزبەر کردنێکی سەقەتی زانیاریو تیۆری خەڵکیترە نەك ئەوەی ئەو زانیاریو" تیۆر"انە بنەمایەك بن بۆ بەرهەمهێنانو بیرکردنەوە. لێرەوە بۆت دەردەکەوێ ئەو هەوڵە بەرهەمی قەیرانی غیابی مانایەکی هاوچەرخانەیە کە چەمسەرێکی دەبێ مەعریفەی عەقڵانی هاوچەرخو جەمسەرەکەیتریشی مەعریفەی خۆماڵی بێ. کەوابوو زۆر ئاساییە کەسێك مانای لە لابێ ماناو بەرهەمی ماناداری لێدەبیندرێو کەسێکیش تەنیا بێ مانایی لەلا دەسکەوێ بەرهەمی بێ مانای لێدەبیندرێ. دیارە کاك توانا جارێکی دیکەش ئەوە بڵێمەوە رووی قسەم لە باڵە سەقەتەکەی ئەو جموجۆڵەیە نەك....

**★لەدوای سوارەوە لە ڕۆژهەڵات، ناتوانیین بەم تەوژمە بڵێین قۆناغ؟ لەباشور ئەوتازەگەرییەی لەسەر دەستی گۆرانو شێخ نوری شێخ صالح کرا سەرەتا هەزمنەدەکرا، پێتان وانییە ئەم شەپۆلە خۆی بسەلمێنێتو ببێتە ئەمری واقیع؟**

**محمود شێرزاد :** نەخێر ئەو تەوژمە قۆناغ نیە. قۆناغ هەڵگری کۆمەڵێك رەگەزو تایبەتمەندی خۆیەتی کە لەو جموجۆڵەدا نابیندرێو ناتوانێ دروستکەری قۆناغیش بێ. لێرەوە بەشێکی زۆری ئەوەی کە هەیە هەروەك باسم کرد جموجۆڵێکە تا ئێستا سنوورەکانی لە سنووری چەند کەسو گرووپێکی بچووك تێنەپەڕیوەو لە داهاتووشدا تێناپەڕێ، دوای ئەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەرقۆناغێکی نوێ ئەوەیە کە بەشێك لە وجوودو بەشێك لە هێزوتواناییەکانی ریشەیان لە قۆناغی پێش خۆیدایە، یانی دابڕانو دوورکەوتنەوە هەیە بەڵام عەقڵانییەو ئەندازیارییەکی مەعریفی لە پشتە، نەك کەلێنێی واگەورە. لێرەوە ئەوەندەی خۆم لەو بوارەدا موتاڵام کردبێ قۆناغێکم نەبینیوە لە قۆناغی پێش خۆی ئەوەندە دووربێو سەرکەوتبێ، بۆیە هەر قۆناغێك درێژبوونەوەیەکی عەقڵانیو هاوچەرخانەی قۆناغی پێش خۆی نەبێ نە وەك قۆناغ دەکرێ پێناسە بکرێ نە پێگەیەکیش دەتوانێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بۆیە دەرئەنجام جموجۆڵێك دەتوانێ ببێ بە رەوتو پاشان قۆناغ دروست بکا کە جموجۆڵێکی لۆژیکی بێ و لە خوێندنەوەو مەعریفەتی دروستەوە سەرچاوەی گرتبێ.

بەڵام ئەوەی کە شێخ نوری و گۆران کردیان هەموو تایبەتمەندییە عەقڵانییەکانی نوێبوونەوەیان تێدابوو. دوای ئەوە ئەو مۆدیلە ببوو بە ئەزموونێکی جیهانیو چیترگریمانەیەکی مودێرن نەبوو، بە پێچەوانەی ئەوەی ئێستا کە گریمانەیەکی بە ئیدیعا پۆست مودێرنە. ئەوان کێشو سەرواو هەندێ کۆتو بەندیان فرێدا بەڵام ماناو وێنەو پەیامو خسڵەتە سەرەکییەکانی دەقێکی نوێی لۆژیکیان جێگیر کردو پەرەیان پێدان. بەڵام بە نیسبەت بەشی ئاخری پرسیارەکەت نامەوێ درێژدارِی بکەموهەرئەوەندە دەڵێم: هەر هەوڵو رەوتو پڕۆسەیەك بەرهەمی زەرووڕەتی کۆمەڵایەتی هاوچەرخو بە مەعریفەتەوە هەنگاو هەڵنەهێنێتەوە جێ ناکەوێ.

## کەمالی ئەمینی



**کاك کەمال دەکرێت لەسەر ئەم جۆرە شیعرە، کە بە شیعری قۆناغی چوارەم ناودەنرێتو لە ئەدەبی فارسییەوە پەڕیوەتە ناو شیعری برادەرانی رۆژهەڵاتو ئێستا بووە بە جۆرێك لە مۆدە، قسەیەکمان بۆ بکەیت؟ ئەمە چۆنو بۆ؟**

**کەمالی ئەمینی:** پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، پێویستە بڵێم من نوێنەری برادەرانی رۆژهەڵات یاخود شاعیرانی بەرەی

چوار نییم، بەس وەکو شاعیرێك‌و لە روانگەی خۆمەوە قسە دەکەم. دیارە نوێبوونەوەی شیعر لای ئێمە بە سوارەی ئێلخانی زادەوە دەستپێدەکات، هاوکات لەگەڵ سوارە، عەلی حەسەیانی‌و چەند کەسی دیکە لەوانە قاسم موئید زادە و... . سوارە لە شیعرەکانیدا پێڕەوی کێشی نیمایی بوو، یانی سەرەتاییترین‌و بەرچاوترینی تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرە، کەڵك وەرگرتنە لە کێشی نیمایی، خودی سوارە کاریگەری زۆری لە نیماوە پێوە دیارە، هەم لە رووی فەزای ئۆبژکتیفیتەی شیعرەییەوەو خولقاندنی وێنەی بابەتی، هەروەها ئاوڕدانەوە لە سروشت، وەك وتم بەرچاوترین کاریگەری کە راستەوخۆ گواستنەوەی ئەو کێشە نیماییەیە بۆ ناو زمانی کوردی، ئەمە خۆی لەخۆیدا دەکرێت بە دیدیکی پۆزەتیڤەوە سەیریبکەین، چونکە هیچ نەبێت ئەو ئەزموونەی شیعری فارسی لە رێی سوارەوە هاتوەتە ناو زمانی کوردی، یان با بڵێم بووە بە ئەزموونێکی کوردی، کێشی نیمایی خۆی پێکهاتەو سیستەمێکی عەروزی هەیە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ عەروزو سیستەمی شیعری کلاسیك، دەکرێت بڵێین ئەو کارەی نیما، کردنەوەی هەندێك لە قفڵ‌و چفت‌و بەستەکانی کێش‌و سەروای شیعری کلاسیکی فارسی بوو، با وەك نموونە چەند دێڕێك لە شیعرێکی سوارە بهێنمەوە:

لە چەشنی گەرووی کەو فعولن فعولن

کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری فعولن فعولن فعولن فعولن

یان

گوڵم فعل

دڵم پڕە لە دەردو کوڵ مفاعلن مفاعلن

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت مفاعلن مفاعلن

ئەڵێم بە جامی ئاوی کانیاوی دی یەکەم مفاعلن مفاعلن مفاعلن فعل و... تا کۆتایی.

دیارە لەم جۆرە کێشەدا عەروز ماوە، بەس بڕگەکان کەم‌وزیاد دەکرێن‌و سەروا ئەو رۆڵەی جارانی نییە، شیعر بە رێژەی شیعری کلاسیکەوە دەستێکی بازتری هەیە.

پاشان بەرەی دووەم هاتنە ناو کایەی شیعرەوە، کە من بۆ خۆم قەناعەتم وایە لە راستیدا ئەم بەرە شیعریان لە رسالەت‌و شیعرییەتی خۆی دوورکردەوە، چونکە پتر وەك ئامڕازی گەیاندنی پەیام شیعریان دەنوسی یانی پەیام زۆر گرنگتر بوو لە خودی شیعرەکە، لەوانە فاتیح شێخ ئسلامی، جەلالی مەلەکشاو... بۆ نموونە گوێبدەن بەم شیعرەی کاك فاتیح:

شەو بوو/ شەو یێکی تاڵ‌و رەش / وەك دەروونی دێوو درنج/ یان وەك چارەی نەنوسراوی کوردی بێبەش / شەوێکی بێ تروسکایی/ کە تاریکی لەم ئاسۆ تا ئەو ئاسۆ بوو/...

بە گشتی ئەم بەرەیە نەیانتوانی ئەزموونێکی شیعری بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بە جێبهێڵن، هەوڵیان ئەوە بوو شیعری سیاسی بنوسن، بەڵام شیعری سیاسەتبردەیان نوسی‌و کەمڕەنگ بۆنی شیعری پێوە دیاربوو.

پاشان کەڵکەڵەی شیعری‌و فۆرم لە شیعرداو خودی شیعرییەت، هەمدیسان لەلایەن چەند شاعیرێکەوە گیرسایەوە، وەك فەرەیدون ئەرشەدی، مارف ئاغایی، کامبیز کەریمی، ژیلا حسینی‌و.. کە ئەمانیش پشتیان لەو فەزای سیاسەتە بردەیەکرد، توانییان هەندێك کاری شیعری بنوێنن کە دەکرێت وەك تایبەتمەندی شیعری ئەم شاعیرانە ئاماژە بە بنەماخوازی، مۆنۆلۆگ بوون، دوورکەوتنەوە لە کێشی بڕگەیی‌و دروستکردنی مۆسیقای ناوەکی لە شیعرداو کۆمەڵێك شتی تایبەتی دیکە.

پاشان هەندێك کەس، وەك ساڵح سوزەنی بە شیعرەسات‌و کامبیز کەریمی بە کتێبی دوایین چرکەکانی ژیانی چۆلەکەیەك‌و... بە شاعیرانی بەینابەینی ناسراون، کە هەڵبەت کاری هەرکام لەم شاعیرانە زۆر جیاواز، ناکرێت بیانخەینە ناو یەك خانەی زمانییەوە.

بەرەی چوارەم بەرەیەك بوو، کە بە شیعری رەزا عەلی پوور دەستپێدەکات، پاشان کۆمەڵێك شاعیری دیکە وەك جەمال مەلایی، محەمەد موەفەقی، شاهۆ مەحمودی، ئیبراهیم ئەحمەدی، بەیان عەزیزی‌و... پەرەیان بەم بەرە داوە. کە زۆرجار باسی تایبەتمەندییە هاوبەشەکان کراوەو من بە کورتی بە چەند تایبەتمەندییەك ئاماژە دەدەم: چەند دەنگی، چەند پێکهاتەیی، چەند لەحنی، پاژنگەری، پاژخوازی، فەزای سەیالی زەین، ئایرۆنی‌و... کە لە کاری هەرکام لەو شاعیرانەدا رویکردو کارکردی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە زۆر قسەی لەسەرناکەم چونکە ئەوە ئیشی رەخنەگرە نە من، خودی ئەم دابەشکردنەش بەسەر قۆناغە جیاجیاکاندا بێگومان پیاچوونەوەی پسپۆڕانەی پێویستە، چونکە ئەمەش لە غیابی رەخنەدا هەر کاری دەستی شاعیرەکانەو لەوانە خودی رەزا عەلی پوور.

ئەمە بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان کە بۆچی ئەم بەرەیە بە بەرەی چوارەم ناویاندەرکردووە. بەڵام قەناعەتم بە وشەی پەڕینەوەی ئەم شیعرە لە ئەدەبی فارسییەوە بۆ ئەدەبی کوردی بەو شێوە رەهایە کە تۆ دەیڵێیو هەروەها بە مۆدبوونی ئەمجۆرە شیعرە نییە. راستە لەناو فارسەکاندا هەندێك کاری وا دەبینرێ، بەڵام لە راستیدا سەرەڕای جیاوازی لەگەڵ ئەمجۆرە نوسینە پێموایە ئەم ئەزموونە کوردییە زۆر سەرکەوتووترە، چۆن توشی دەستکردی بوونو میکانیکی بوون نەبووەتەوە، لەلایەکی دیکەوە نەك فارسی، بەڵکو ئەزموونی ئەدەبی جیهانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کەوتووەتە ناو فەزاو تەقسیكو زمانو زەینێکی کوردییەوە. پاشان ئەگەر کردنەوەی دەلاقەکانی ئەدەبی کوردی بەرەو ئەزموونەکانی ئەدەبی بیانی هەڵگری لایەنی نێگەتیڤ بێت، ئینجا رەخنەکە لایەنی زۆر شاعیری گەورە دەگرێتەوە لەوانە گۆرانو شێخ نوری کوردو نازك مەلائیکەو بەدر شاکر سەیابی عەرەبو نیمای فارسو نازم حیکمەتی تورکو ... مەگەر هەرکام لەو شاعیرانە لە خۆڕاو بە بێئاگایی شیعری نەتەوەکانی دیکە لە وێنە ئەدەبی فەرانسەو ...شیعریان نوێکردەوە؟ هەڵبەت ئەمە رای منەو بڕیار نییە هەمووی حەقیقەتەکە بێت، رەنگە بە پێچەوانەشەوە سەیربکرێ، بەڵام من لە پێگەی خوێنەرێکدا دەتوانم بە جورئەتەوە لەسەر بە قوەتبوونی شیعری ئەم بەرە جەختبکەم. شتێکی دیکە کە پێویستە بیڵێم ئەم شیعرە خەریکە پرۆسەی سروشتی خۆی تەی دەکاتو هیچ مانیفێستو بڕیارێکی پێشوەختی نییە، ئیمکانی ئەوەی بۆ رەخساوە کە خۆی لە خۆیاو هەر شاعیرێك لەگەڵ شاعیرێکی دیکەدا جیاوازو جیاوازتر بێتو بەردەوام بگۆڕێو بزۆزی خۆی بپارێزێ، بۆیە من قەناعەتم بە وشەی مۆدە، کە ئێوە بە کاریدەهێنن نییە، چۆن عومری مۆدە زۆر کۆتاترە لەو تەمەنە کە تائێستا ئەم شیعرە هەیەتیو لەگەڵ ئەمەشدا تا من بزانم بە شێوەی جۆراوجۆرو دیدی جوانیناسانەی جیاوازی شاعیرەکانی دیکە ئەم بەرەیە هەر بەردەوامە، تەنانەت توانیوێتی تاڕادەیەك کاریگەربێت لە سەر فەزای شیعری.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەتان پێموایە من لە چەند وتوێژی دیکەدا بە چڕوپڕی باسمکردووە، پێویست ناکات دووبارەو چەند بارەی بکەمەوە، بەس ئەوە نەبێت دەڵێم ئەمە ئەزموونێکی تازەی شیعرییە لە ناو زمانی کوردیداو قسەی بۆ وتن هەیە، خەریکە لەو ستانداردانەی شیعری پێشخۆی کە تاڕادەیەکی زۆر باو بووە، لائەداتو خۆی لە گۆشەیەکی دیکەی زماندا دەدۆزێتەوەو قەناعەتی تازەی پێیەو داهێنانی جیاواز دەکات، ئێستا سەرکەوتوویی یا سەر نەکەوتوویی دەکەوێتە دەستی خوێنەرو رەخنەگرو زەمەن، ئەوەش بەو فەزا خوێنەواریو رەخنەگرییە کە ئێمەی کورد هەمانە!

- **ئەگەر وادابنێین ئێوە لەو شیعرانەی خۆتاندا سەدەرسەد زمانتان شکاندووە، پرۆسەی وردوخاش شکاندنەکەش سەرکەوتووبووە، ئەی دوای ئەمەچی؟ لە دروستکردنەوەی دنیایەکی دیکەدا لەسەر زمان چیتان کردووە؟ واتا لەمدیو ئەم وێرانکردنەدا بنیادنانی مانا گەیوەتە کوێ؟**

**کەمال ئەمینی:** سەرەتا با ئەوە بڵێم کە نازانم تۆ خۆت چۆن گەیشتویتە ئەم قەناعەتە، کە ئێمە ئەمانەوێ سەدەرسەد زمان بشکێنین، یان بە قەولی خۆتان وردوخاشی بکەینو ئەمەش بە سەرکەوتن بزانین، یا ئێوە عیلمێکی غەیبییتان هەیەو لە خودئاگاو ناخودئاگای ئێمە ئاگادارن، یاخود ئەو شیعرانە ئێوەی بەو قەناعەتە سەیرە گەیاندووە.

نەخێر، من ئەگەر قسەی خۆم دەکەم دەڵێم نە مەبەستم زمانشکاندنە بەو مانا کە ئێوە دەڵێن، نە ئەوەش بە سەرکەوتنی دەزانمو پێموانییە کە لە شیعرەکانیشمدا زمانم وردوخاش کردووە، بە بێئەدەبی نەبێ دەڵێم ئەو بڕیارەی ئێوە سەرپێییانەیەو بە پەلەیە، راستە من بۆخۆم هەندێ لادانم لە پرنسیپە سەرەتاییەکانی زمان کردووە، بەڵام پێش هەرشتی ئەو لادانە، لادانە لەو فەزا دووبارەو چەندبارەکراوەی شیعری کوردی، کە بە شێوەیەکی رادیکاڵ لەگەڵ زماندا رووبەرودەبێتەوە، زمان لەوەدا بە شێوەیەك لێورێژکراوەو پێویستە ئەمجارە شیعر لە گۆشەیەکی دیکەی زماندا خۆی تاقیبکاتەوە، ئەمە نەك وردوخاشکردنی زمان نییە، بەڵکو کایەی تازەیە لەگەڵ زمان. ئینجا هیچ نەبێ کاری شیعر هەر لەسەرەتاوە تائێستا وەستانە بەرامبەر بە ستانداردەکان، چ ستانداردەکانی زمان، چ ستانداردەکانی ژیان. خودی شیعریو پرۆسەی شیعریش ئەگەر ستانداردێك بۆ خۆی قابل بێت، دەبێ شیعر لە بەرامبەر ئەو ستانداردەی خۆیدا بوەستێ، ئەگینا شیعر لە بزۆزی خۆی دەکەوێ.

ئێستا ئەگەر بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، پێموایە مانا نەك پێگەی تایبەتی هەیە، بەڵکو لەو کایە زمانییەدا فەزایەکی گەورەی بۆ

سازدەکرێ تا بتوانی لە شوێن-کاتی جیاوازدا ڕەنگو ڕووی خۆی تازەبکاتەوە، یانی کایەکانی زمان لە ئەنجامدا دەکەونە خزمەتی خودی زمانو فرەمانایی‌و... ئێمە وەك مرۆڤ لە دالەوە بۆ مەدلول دەچین یان با بڵێم بەبێ وشە بیرکردنەوەمان مەحاڵە، کەواتە لە پشتی ئەو فورمە شیعرییانەدا بێگومان مانا هەیەو هاوشانی فۆرم لە قەوارەی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. تکایە ئەم شیعرە لەگەڵ شیعری دادایستی جیابکەنەوە.

**⋆ لە شیعردا جۆرێك میوزیك هەیە، کە تێکستەکە بۆ خوێنەر نیان‌تر دەکات لەم شیعرانەی ئێوەدا، یان ڕاستتر لەم جۆرە شیعرەدا ئەمە نییەو خوێنەر پاش کەمێك خوێندنەوە توشی پەرتبونێکی مەزاجی دەبێت، پێتوانیە کە خوێنەر لەگەڵ دێڕو پەراگرافیکدا ڕاهاتووە کە مانابدات؟ واتا ئایا تەمەڵی خوێنەری ئێمەیە کە توانای دۆزینەوەی مانای نییە؟**

**کەماڵی ئەمینی:** هەمدیسان ئێوە خەریکن لە غەیبەوە دەدوێن، چونکە ئێوە تەنیا یەك خوێنەرن‌و ناتوانن بڕیاری تەواوی خوێنەرەکان سەرجەم لە دۆزینەوەی مانادا دەربخەن، مەگەر ئەوەی کە ڕاپرسییەکی بەرفراوانتان لەم بارەوە کردبێت!
سەرەتای پرسیارەکەتان بە باسی میوزیکەوە دەستپێدەکات، من بۆخۆم لەگەڵ بەکاربردنی ئەو وشەیە، وەك تایبەتمەندییەکی شیعری نیم، دروست وایە وشەی مۆسیقا بەکاربەرین، چونکە وشەی میوزیك‌و ڕیتم‌و لەمجۆرە وشانە تەنیا لایەنی دەرەکی مۆسیقا پیشاندەدەن‌و قابل بە دابەشکردنن، بەڵام مۆسیقا دەتوانێ لایەنی هەرسێ جۆرەکە لە ڕیتم‌و ئیقاعی دەرەکی‌و ئیقاعی ناوەکی بگرێتەوە. ڕاستە لەم شیعرانەدا مۆسیقا بەو شێوەیە نییە کە لە ئەزموونە شیعرییەکانی دیکەدا دەردەکەوێ، واتە یەکدەست نییەو لەگەڵ هەرگۆڕانێکی بابەتی یا گوتاری یان فۆرمی ئەویش توشی گۆڕان دەبێت، ئەوەش خۆی بۆخۆی خواستێکی لە پشتەوەیە کە دەلالەت لە جیاوازی فەزاکان‌و کەسەکان‌و شتەکان‌و ئەو بابەتانە دەکات کە دێنە ناو شیعرەکەوە. ناکرێ لە شیعرێکدا باسی چەند حاڵەتی زەینی مرۆڤ بکەین، بەڵام لەیەك پێکهاتەو یەك تەمهیدو یەك فەزاو یەك مۆسیقا کەڵك وەربگرین، وەك چۆن تونالیتەی دەنگی یەك کەس لە کاتی توڕەیی‌و عاشقبوون‌و دڵداری‌و ترس‌و... جیاوازە لەگەڵ یەکتر.
لەلایەکی دیکەوە ستانداردێکی نوسین لە لای ئێمەدا دروستبووەو وای کردووە، کە خوێنەر بە قەولی خۆتان لەگەڵ یەك حاڵەتی شیعری بە تایبەتمەندییەکانیەوە ڕابێت، ئەگەر ئەمەش بەردەوام بێت‌و لە ئایندەش هەر وابێت، ئیتر لەگەڵ دەقی باودا خوێنەری باو دروستدەبێت، کە بۆ زەمانی هەر نەتەوەیەك جێگەی مەترسییە. ئەگەرچی فەرامۆش نەکەین ئێمەی کورد ئیستاکەش لە هەموو بوارێکدا قەیرانی خوێنەرمان هەیە.

**⋆ ئێوە لە شیعر نوسینتاندا ئەندێشەیەکتان هەیە یان پاش نوسین ئەندێشەکە دروستدەبێت؟ یان بە واتایەکی دیکە، زمان ئیشی خەیاڵ دەکات یان پێشتر خەیاڵ زمانی نوسیوەتەوە؟**

**کەماڵی ئەمینی:** لەلای هەر شاعیرێکدا باگراوندێکی ئەدەبی یان ڕۆشنبیری هەیە، واتا شاعیر کەسێکی خوێنەوارە بە نیسبەت دیاردە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری‌و... دیدی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە پێموایە هەموو شاعیرێکی جدی خۆیان بۆخۆیان دەکەونە ناو فەزای ڕۆشنبیرییەوەو خاوەنی ئەندێشەو ڕوانینی تایبەت بە خۆیانن. پاش دەرونی بوونەوەی ئەو ئەندێشە گەلە لەلای شاعیرداو لە ناخودئاگاییەوە جارێکی دیکە لە قەوارەی شیعردا خۆی دەنوێنێتەوەو لەگەڵ خەیاڵ‌و ستاتیکی تایبەت‌و... بە گشتی شیعرییەت خۆی ئاوێتە دەکات.
پاش نوسینی شیعر هەندێ شاعیر قەناعەتیان وایە کە شیعرەکەی خۆیان دەستکاری بکەن‌و خەسارەکانی دەربکێشن سەرلەنوێ بازسورایی بکەنەوە، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە کە هەر بەوجۆرە دەبێ بمێنێتەوە تا ڕەسەنایەتی خۆی لە دەستنەدات.
لێرەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەڵێم: من بۆخۆم هیچ بڕیارێکی پێشوەخت لە سەر چۆن نوسین‌و چی نوسین نادەم‌و پێشتر ئەزموون‌و ئەندێشەی خۆم دەروونی دەکەمەوە، پاش نوسینیش وەکو ڕەخنەگرێك سەیری شیعری خۆم دەکەم‌و هەوڵدەدەم خەسارناسی بکەم‌و خەسارەکانی لەناوبەرم.

## جەواد حەیدەری



**⋆ کاك جەواد ئێوە شاعیرن و لەڕۆژهەڵاتیش ژیاون، ئەم شەپۆلە شیعریە لەسەر ئاستی خوێنەر لەڕۆژهەڵات جێی بە شیعری باو لەق نەکردووە؟ ئێوە ئەمە بە قۆناغێك لەشیعر سەیردەکەن یان وەکو ریزپەڕبینیوتانە؟**

**جەواد حەیدەری:** سەرەتا با راشکاوانە بڵێم کام بەرەی چوار، کێو لە کوێ ئەم پۆلێن بەندییە کراوە یان باشتر ئەم پۆلێن بەندییە لەسەرکام بنەما بووە.

هەمووماں باش دەزانین کە لە دابەشکردنو پۆلێنبەندیی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانین بەشێوەیەکی کلاسیکی دابەشی بکەین بە سێ قۆناغ:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی بەر لە کۆماری مەهاباد کە دەتوانین ئاماژە بە سیف القضات بکەین.

قۆناغی دووەم: شاعیرانی سەردەمی کۆمارو دوای کۆمار کە دەتوانین ئاماژە بە مامۆستا هێمن، هەژار، عەتری، حەقیقی، هێدی- ئاوات، خاڵەمین و...بکەین.

دوای ئەوانیش لە شەستەکان کە دەتوانین بڵێین قۆناغی سێیەم، سوارە، هاوار، فاتح شێخ الاسلامی (چاوە).

هەڵبەت لێرەدا تەنها سوارە توانی سەرکەوتووبێت بەڵام بەداخەوە مەرگ ئیزنی نەدا زیاتر خزمەت بە شیعری کوردی بکات.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەوەیە کە ئەو رەوتەی کە سوارەو هاوڕێیەکانی دامەزراند پاش مەرگی سوارە راوەستاو درێژەی پێنەدرا. هەڵبەت ئەو کارەی سوارە کردی نەیتوانی زۆر دەوام بێنێت.

هەربۆیە لەدوای مەرگی سوارە بۆشاییەکی گەورە کەوتە ناو شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. هەڵبەت تاقولۆق کارکرا بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا دەتوانین ئاماژە بە جەلالی مەلەکشاو فەرەیدونی ئەرشەدیو تارادەیەکی کەم ئاماژە بە قاسمی موئەییەدی زادە (هەڵۆ) بکەین کە ئەویش زیاتر لاسایی کردنەوە بوو لە سوارە.

لێرەدا ئەوەی جێی گاڵتەو پێکەنینە بەرەی چوارە کە چەند برادەر لە سەقز بە شێوەیەکی نادروستو نابەجێ پێکیان هێنا کە بەداخەوە جگەلەوەی خزمەتێکیان نەکرد بەڵکوو تارادەیەکی زۆریش مێشکی لاوانو گەنجانیان بە لاڕێدا برد.

نازانم ئەو برادەرانە چۆنیان لەڕوو هەڵدێ باسی بەرەی چوار بکەن ئاخر کاکی خۆم کام بەرە، لەسەر کام بنەما، لەسەرکام دەقو بەرهەم بەهەمووی ئەو برادەرانە دە شیعرییان نییەو هەروەها تائێستا ئەم برادەرانە هەروەك سۆفیستەکانی یۆنانی کۆن هەر چەواشەکاری دەکەن.

یەکێ لەو برادەرانە لە ئایندەی ژمارە (33) دا دەڵێ من تازەکەرەوەی شیعری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستانم لەکاتێکدا ئەو برادەرە لەدایك بووی 1977 ە ئەمە لەکوێو ئەوە لەکوێ، کاتێك ئەم برادەرە لەدایك بووە سوارە لە لوتکەدا بووە. یان ئەو بەڕێزە هێڵی سور بەسەر هەموو ئەو بەرهەمانە دێنێتو دەڵێت ئێمە تارادەیەك دەتوانین بڵێین شێرکۆ شاعیرە، هەڵبەت ئەم هەویرە ئاو زۆر دەباتو لێرەدا مەجال نییە دەنا زیاتر لەسەری دەڕۆم.

**★ لەم شەپۆلەدا زمان جۆرێك لەتێكشكان تێكدەشكێ، لەحاڵێكی وادا پێتان وانییە بابەت لەم شیعرانەدا بابەتبونی خۆی لەدەست بدات. ئایا مانا وەكو شێوە باوەكەی دەمێنێتەوە؟**

**جەواد حەیدەری:** هەمووومان باش دەزانین كە زمانی شیعری كوردی زمانی گوندو لادێیەو زمانی شیعری شارمان نییە. هەروەها ئەو برادەرانەی بەناو بەرەی چوار لە خۆڕاو بەبێ هیچ زانستێكی زمانەوانی دەستییان داوەتە كارێك كە توانایان نییە جگەلەوەی خۆیان دەكەنە گاڵتەجاڕی خوێنەران‌و رەخنەگران‌و ئەدەبدۆستان.

كاكی خۆم دەست‌و پێ شكاندنی وشەو تێكدانی لە خۆڕای رستە كوا دەبێتە زمانی شیعری. ئەم برادەرانە لەخۆڕا هاتوون بەبێ ئەوەی هەست بە لێپرسراوی‌و دڵسۆزی بكەن دەستیان كردووە بە قەسابی كردنی وشەو زۆر ناجوامێرانە سەروگوێلاكی وشە دەشكێنن‌و بەوپەڕی لەخۆبایی بوون دەڵێن زمانی شیعری بەرەی چوار، ئەرێ كوا بەرهەمتان ئەگەر ڕاست دەكەن بەرهەمەكانتان بڵاوبكەنەوە با خوێنەران‌و رەخنەگران رای خۆیان دەربڕن، هەڵبەت رەزا عەلی پورو كەمال ئەمینی هەندێ نوسراویان بەناوی شیعر بڵاوكردۆتەوە كە جگەلە چەند برادەری نزیكی خۆیان ئەویش بەشێوەی نان بە قەرزدان قسەیان لەسەركردووە شتێكی تر لەئارادا نییە.

**★ لەم شیعرانەدا گێڕانەوە هەیە، فۆرم وەكو شێوە باوەكەی خۆی نیشان نادات، زمان ئیشی جوڵە دەكات، هەموو ئەمانەتان لا نوێگەری نییە؟ .**

**جەواد حەیدەری:** هەڵبەت شاعیرێك شاعیر بێت هەرگیز روخسار بەقوربانی ناوەرۆك ناكات‌و بەپێچەوانەشەوە. شیعری برادەرانی بەناو بەرەی چوار نە لەڕووی روخسارو فۆڕمەوەو نە لەڕووی ناوەرۆكەوە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە ناو چوارچێوەی شیعری كوردی خۆزگە ئەوانیش كارێكی وەك نالی یان كردبا ئەوكات من دەستم بۆ لەگەردن دەدان.

نالی دەڵێ: كەس بە الفاظم نەڵێ خۆ كوردی خۆكردییە

هەركەس نادان نەبێ خۆی تالیبی مانا دەكا

كاری ئەو برادەرانە نە خۆكردییە، نە خۆكوردییە، بڕوابكەن كەس نازانێ چییان كردووە، والله اعلم.

یەكێ لە برادەران دەڵێت بمگرن ئەگینا حەوت‌و حەوت دەكاتە حەفتاوحەوت، تكایە بەریدەن نەبا شتێك بشكێنێ.

بەرهەمێكی هونەری‌و ئەدەبی ئەو بەرهەمەیە كە تام‌وچێژی هەبێت ئایا خوێندنەوەی شیعرەكانی كاك رەزاو برادەرانی تر تام‌وچێژی هەیە تەنانەت بۆ خۆشیان؟با ئەم باسە لێرەدا بمێنێتەوە.

★ ئەم گفتوگۆیە لە ژمارە 11 روژنامەی (رۆژنامە)دا بڵاوبۆتەوە.